لە چامپیۆنزلیگ مانچستەر یونایتد بە گۆڵێکی بێبەرامبەر بە بایرن میونشن دۆڕا و ماڵئاوایی لە پاڵەوانێتییەکە کرد

لە کۆمەڵەی یەکەم مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئۆڵدترافۆرد میوانداری یانەی بایرن میونشنی کرد.

لە تایمی یەکەمدا هەردوو یانە بە ئاستێکی باش دەرکەوتن لە چەند هەلێکدا نزیک بوون لە تۆمارکردنی گۆڵ بەڵام تایمی یەکەم بەبێ گۆڵ کۆتای هات.

لە تایمی دووەمدا بایرن میونشن باشتر بینرا و توانی لە خولەکی 70 لەلایەن کینگسلی کۆمان گۆڵی پێشکەوتن تۆماربکات.

سەرەنجام یانەی مانچستەر یونایتد بە گۆڵێکی بێبەرامبەر بە بایرن میونشن دۆڕا بەو ئەنجامەش بە کۆکردنەوەی چوار خاڵ لە پلەی کۆتای کۆمەڵەکەی جێگیر بوو، بەوەش ماڵئاوای لە چامپیۆنزلیگ کرد و بایرن میونشنی بە 16 خاڵ کۆتای بە یارییەکانی قۆناغی کۆمەڵەکان هێنا.